بەس بوو بۆت کە بە دەستەکانت تەنها ئەمە ئەنجام بدەیت»، پاشان: یەک جار دەستەکانی (ناو لەپەکانی) دا بە سەر زەویدا، دواتر ناو لەپی چەپی مەسحکرد بەسەر پشتی دەستی ڕاستی، هەروەها دیوی سەرەوەی هەردوو دەستەکانی وڕووی پێ مەسح کرد

لە عەماری کوڕی یاسرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ناردمی بۆ پێویستیەک ، لە ڕێگادا تووشی لەشگرانی بووم، وئاوم دەست نەکەوت تاخۆم بشۆرم، بۆیە ئەملاو ئەولام کرد بە خۆم لە ناو خۆڵدا هەروەکو چۆن ئاژەڵ ئەملاو ئەولا دەکات لە سەر خۆڵدا، پاشان هاتم بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وئەمەم بۆی باسکرد، فەرمووی: «بەس بوو بۆت کە بە دەستەکانت تەنها ئەمە ئەنجام بدەیت»، پاشان: یەک جار دەستەکانی (ناو لەپەکانی) دا بە سەر زەویدا، دواتر ناو لەپی چەپی مەسحکرد بەسەر پشتی دەستی ڕاستی، هەروەها دیوی سەرەوەی هەردوو دەستەکانی وڕووی پێ مەسح کرد.

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- عەماری کوڕی یاسری نارد لەسەفەرێکدا -ڕەزای خوای لێبێت- بۆ جێبەجێکردنی پێویستیەك، بەڵام ئەو تووشی لەشگرانی بوو ؛ بەهۆی جووتبوون یان دابەزینی مەنی بەشەهوەت، وئاوی دەست نەکەوت بۆ خۆشۆردن، وحوکمی تەیەمومی نەدەزانی بۆ حاڵەتی لەشگران بوون، تەنها حوکمەکەی دەزانی بۆ دەستنوێژگرتن. ئیجتیهادی کرد وگومانی وابوو ؛ هەروەکو چۆن بۆ ڕووداوی بچووك هەندێك لە ئەندامەکانی دەستنوێژگرتن مەسح دەکرێت بە خۆڵ، بەهەمان شێوە بۆ تەیەموم کردن لە لەشگرانی دەبێت خۆڵ هەموو لاشە بگرێتەوە؛ ئەمیش بەپێوان -قیاس- لەسەر ئاو، خۆی هەڵگێڕا لەنێو خۆڵەکە هەتاوەکو هەموو لاشەی بوو بە خۆڵ ونوێژی کرد، کاتێك هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وئەمەی بۆی باسکرد، بۆئەوەی بزانێت ئایا کارەکەی دروستە یان نا؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چۆنیەتی تەیەموم کردنی بۆ ڕوونکردەوە بۆ ڕووداوی بچووك، وبۆ ڕووداوی گەورە وەکو لەشگرانی، ئەویش ئەوەیە یەك جار ؛ دەستەکانی بدات بەسەر خۆڵی سەر زەوی، پاشان دەستی چەپ مەسح بکات بەسەر دەستی ڕاست، ودیوی سەرەوەی دەستەکان وڕووی مەسح بکات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3461